# بیست و شەشەمین ساڵیادی راپەڕین پیرۆز بێ

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**

**سەربەخۆخواز و ئازادیخوازان!**

ئەمڕۆ (٥)ی ئازار، لەگەڵ بیست و شەشەمین ساڵیادی راپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستاندا هاوکاتە، بەوبۆنەیەوە پیرۆزبایی لە کوردستانیان دەکەین و دەستی ماندوونەبوونی جەماوەر دەگوشین، سڵاوی ئەمەک و وەفاداری بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێی رزگاریی نیشتمان دەنێرین و بەڵێنیان بۆ نوێ دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە وێستگەی سەربەخۆیی، تێکۆشان درێژەی دەبێ.

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**

ئەمساڵ لە کاتێکدا ساڵیادی راپەڕین دەکەینەوە کە پارەێزەرانی باشوور و رۆژئاوایی کوردستان، رێکخراوی بیرتاریکی داعش و رێکخراوە تیرۆریستیەکانیان بە چۆک داهێناوەو بەرەو چاڵی مەرگ راویان دەنێن، بەڵام قەیران و تەنگژەکانی باشوور هێشتا وەک خۆیان ماونەتەوەو دەریچەی دەربازبوونیان بۆ نەدۆزراوەتەوە. بێگومان دەستەلاتدارانی باشوور هۆکاری سەرەکی ئەو قەیران و تەنگژانەن. هەر بەهۆی سیاسەتی شکستخواردووی ئەوانیشەوە، ئاسۆی داهاتوو لێڵ و تەماوی خۆی دەنوێنێ.

ئەمڕۆ یادی بیست و شەشەمین ساڵرۆژی راپەڕینە پرشکۆکەی باشوور دەکرێتەوە، کەچی رژێمی تورکیا دەرسی لە رابردوو وەرنەگرتووەو سەرسەختانە درێژە بە سیاسەتی نکۆڵیکردن دەدات و تێکۆشەرانی باکوور بە کۆمەڵ راپێچی زیندان دەکات و رەشەکوژی بەرێوە دەبات. هەروەها سوپای تورکیا لەشکرکێشی بۆ نێو خاکی رۆژئاوا کردووە و دەست لە کاروباری رۆژئاوا وەردەدات، دەیەوێ دەرفەتەکە لەبار ببات و بەشێوازێکی دیکە دەستەلاتی خۆی بسەپێنێتەوە. دەوڵەتی تورک لەو خاڵەشدا رانەوەستاوە، بە ئاشکرا تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێو هێزە کوردستانیەکاندا دەچێنێ، دەیەوێ شەڕی کورد بە کورد هەڵبگیرسێنێتەوە. ئەوەتا لە پەنای سیناریۆی ناردنی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا، کە لەلایەن سوپای تورکیاوە مەشق و راهێنانیان پێکراوە، زەنگی شەرێکی دیکەی لێداوە، جارێکی دیکەش خوێنی کوردی بە دەستی کورد رژاندۆتەوەو دەیەوێ گەورەو فراوانتریشی بکاتەوە. ئەوەش وادەخوازێ کە تێکڕای کوردستانیان بە خەڵک و هێزە سیاسیەکانیەوە، بەرپرسیارێتی مێژوویی لە ئەستۆ بگرن و بە هەڵوێستی ولاتپارێزی پیلانی داگیرکاران لە گۆڕ بنێن .

مخابن، سیاسەتەکانی دەستەلاتدارانی هەرێم دەرفەتێکی باشیان بۆ بەغداو تاران رەخساندووە، حەشدی شەعبی خۆی پرچەک کردووەو دەیەوێ شوێنپێی خۆی لە باشووری کوردستاندا بکاتەوە؛ کۆماری ئیسلامی ئێران بە بیانۆی پاراستنی سنوورەکانی خۆی، هێزی سەربازی لەسەر سنوورەکان زیاتر کردووە و چەکی قورس و نوێی جێگیر کردووە. بەوهۆیەوە هەرەشەکان بۆ سەر باشووری کوردستان چرتر و ترسناکتر بۆتەوە.

ئێمە لەحزبی رزگاریی کوردستاندا، لەبەرانبەر لە گۆڕنانی خەون و ئاواتەکانی راپەڕینی ١٩٩١ و بێ هیواکردنی خەڵک، دەستەلاتدارانی هەرێم بە بەرپرسیار دەزانین، مخابن ئێستاش بێباکانە درێژە بە سیاسەتی برسیکردنی خەڵک دەدەن و گاڵتەیان بە خواستەکانی جەماوەر دێ. ئەو دەستەلاتە لە بەرانبەر چارەنووسی گەلدا خەمساردو

بێتوانایه، شیانی چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکانی نیە؛ سیاسەتی داپۆشینی قەیران بە قەیران پێڕۆ دەکات، دەیەوێ لەو ڕێیەوە قەیرانەکان بشارێتەوەو لەبیر خەڵکیان بباتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش سیاسەتی داپۆشین، چەواشەکاری، بێ ئیرادەکردن، خامۆشکردنی دەنگی ئازاد، فریودان و خاپاندنی سەرپشک کردووە. لە پێوەند بەو مەرگەساتانەی کە بەسەر خەڵک و باشووری کوردستانیان داهێناوە، بەهۆی ئەو تاڵانیەی لەسامانی نیشتماندا کردوویانە، دەبێ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و ڕووبەرووی دادگە بکرێنەوە، چونکە تەنیا لەو ڕێیەوە ئامانجەکانی ڕاپەڕین نۆژەن دەبنەوەو بە ئاکام دەگەن.

**شکۆداربێ بیست وشەشەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕین.**
**سەرکەوتوو بێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆو گەلێکی بەختیاردا.**

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی ڕزگاریی کوردستان**
**٢٠١٧-٣-٥**

rpk93@hotmail.com Tel:07701419722 www.rpk93.org
هەولێر/ گەڕەکی "٩٩"ی زانکۆ، جووتسایدی ئاکار